# بەشداری هاوری سەوسەن سەلیم لەکۆنفرانسی سالانەی بزوتنەوەی ئاشتیخوازی فەرەنسا



بەپێی بانگهیشتی بەرپرسیاریتی بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی فەرەنسا هاوری سەوسەن سەلیم بەنوینەرایەتی ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق بەشداری لەکۆنفرانسی سالانەی ریکخراوی ناوبراوداکرد، کەلەرۆژانی 19 و20ی ئەم مانگەدا لەشاری پاریس ، بەشداریکرد.

لەم کۆنفرانسەدا هاوری سۆسەن سەلیم هاوشانی چەندین قسەکەری ئەمریکایی و فەرەنسایی و بەریتانی کە بانگهیشت کرابوون بەقسەو باس لەسەر ئەوزاعی عیراق بەگشتی وژنان بە تایبەتی ودەوری ریکخراوی ئازادی ژنان وهەلسورانەکانی بەشداری کرد. سەوسەن لەقسەکانیدا ئاماژەی بەسیاسەتی تیرۆریستانەی ئیسلامی سیاسی وئەمریکا وەك دوقوتبی تیرۆریستی کەخەلکی عیراقیان لەسیناریۆیەکی رەشدا هەلکیشاوە کرد.دواتر سەوسەن لەبارەی جەبهەی سیهەم وبزوتنەوەی ئازادیخوازانەو مەدەنی خەلکی عیراقەوە دریژەی بەقسەکانی داو داوای کرد کە کۆنفرانس پشتیوانی لەژنان و بەرەی پیشکەوتوخوازانەو مەدەنی خەلکی عیراق بکات وبەمجۆرەش کۆنفرانس بریاریدا کە لەسەنگەری خەباتی ژنانی عیراق بۆ ئازادی و یەکسانی راوەستی و پشتیوانی بیدریخی خۆی پیشکەش بکات.

وەلە رۆژی 22–6 دا بزوتنەوەی ئاشتیخوازی فەرەنسا بانگهیشتی سەوسەن سەلیمیان کرد بۆ کۆبونەوەی سالانەی یونسکۆUNSCO لە پاریس کە لەو کۆبونەوەیەدا زیاتر لە 50 بۆ 60 لە نوینەرانی ریکخراوە غەیر دەولەتییەکان ئامادەیی بوون. باسی ئەم کۆبوونەوەیە تایبەت بووبە بردنەپیشەوەی پرۆسەی کۆمەلگایی مەدەنی لەدنیادا بەتایبەتی لە وولاتانی وەك فلەستین و عیراق و وولاتانی ئەفریقا. سەوسەن لەقسەو باسیکیدا کەتایبەت بوو بەعیراق لەبارەی بارودۆخی ژنانی عیراقەوە قسەوباسی کرد و پاشان ئامادەبووانی لەنزیکەوە بەریکخراوی ئازادی ژن و کارەکانی ئاشناکرد وچەندین کەس لە نوینەرانی ریکخراوەکان داوایان کرد کە تفاصیلی زیاتر لەسەر ریکخراو پرۆژەکانی ئەم ریکخراوەیە لەراستای باشکردنی وەزعیەتی ژنانی عیراق بخەنە روو تا لە داهاتوی نزیکدا بتوانن پشتوانی بکەن.

شایانی باسە بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی فەرەنسا زیاتر لە 4000 ئەندامی هەیە وبە دوای شەری جیهانی دووەم دامەزراوە بۆ داکۆکی لە ئاشتی ودیموکراسی لە جیهاندا.

ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق
2004/6/23